# دهۆك.. یەکگرتوو تاکە مونافیسی پارتییە



راپۆرتی: عەبدولڵا خۆشناو

شاری دهۆك، کە کەمترین ئازادی رادەربڕین و جوڵەی سیاسی تێدا بەدی دەکرێت و، پارتی زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ کەیسی ئەو شارە دەکات و جوڵەی سیاسی لایەنە سیاسییەکانی تری جگە لەخۆی زۆر سنوردار کردووە و زۆرترین هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ئەو پارێزگا کوردستانییە وەك بەهێزترین پێگەی خۆی بهێڵێتەوە.

### یەکگرتوو تاکە مونافیسە

لە ناوچەی بادینان، کە خۆی لە پارێزگای دهۆکدا دەبینێتەوە، لە سەرەتادا حیزبێکی ئەوتۆ نەبوو کە مونافەسەی پارتی دیموکرات بکات، تەنها یەکێتی نەبێت، کە جەماوەرێکی لاوازی هەبوو و، وەك هێزێکی شەرمنی ئەو ناوچەیە دەردەکەوت، بەلام دوای راگەیاندنی، یەکگرتوو هەر لە سەرەتاوە وەك کێبەرکێکارێکی بەهێزی پارتی دەرکەوت و، رۆژ لەدوای رۆژ کێرڤی جەماوەری ئەو حیزبە بەرەو هەڵکشان دەچوو، ئەوەبوو لە کاتی هەڵبژاردنەکانی قوتابیاندا یەکگرتوو زۆر بەهێزی مونافەسەی پارتی دەکرد و ئەوەبوو هەر لە سەرەتاوە پارتی بۆی دەرکەوت ئەو تەنها حیزبی ئەو ناوچەیە نییە ـ وەك خۆی پێشبینی دەکرد ـ دوای ئەوەش لە هەڵبژارنەکاندا ئاستی جەماوەری یەکگرتوو لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ یەکێکی تر بەهێزتر دەبوو، ئەوەبوو لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، کە ساڵی (٢٠٠٥) بەرێوەچوو، یەکگرتوو توانی (٤٢) هەزار دەنگ وەدەست بهێنێت، دوای ئەوەش بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی ئەو کاتە، کە لەلایەن یەکگرتووەوە سەرکردایەتی دەکرا، توانی (٤٣) هەزار دەنگ بەدەست بهێنێت، کە وەك چاودێران بۆی دەچن، زۆرینەی رەهای ئەو دەنگانە بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەگەڕێتەوە.

### ئەنجامەکان بۆ پێشەوەیە

لەو هەڵبژاردنەی کە لە (٣/٧) بەرێوەچوو، تیایدا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و، یاسای هەڵبژاردنیش بەشێوەیەك بوو کە زۆرترین هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی حیزبە گەورەکان دەربچن و ئەوانەیش کە بە حیزبە بچووکەکان هەژمار دەکرێت کەمترین چانسی دەرچوونیان هەبێت، ئەوە بوو عێراق کرایە هەژدە بازنەی هەڵبژاردن و یاساکەش بەشێوەیەك دارێژرا، کە بەهێزەکان زۆربەی کورسییەکان ببەن و ئەوانەیش کە کەمتر لە (٤٠) هەزار دەنگ دەهێنن، لە خراپترین حاڵەتدا ئەوا نەتوانن کورسی ببەن، بەشێوەیەك کە ئەنجامی هەر شارێك بەجیا لە شارەکانی تر هەژمار بکرێت، بەمەش ئەگەر حیزبێك لە هەر پارێزگایەك بتوانێت بۆ نموونە (٣٠) هەزار دەنگ بهێنێت، کە لەوانەیە کۆی گشتی دەنگەکانی لە (١٠٠) هەزار تێپەڕ بکات، بەلام ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك کورسی بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش بەلای زۆرێك لە چاودێرانەوە گەورەترین زوڵم بوو، کە لە حیزبە بچووکەکان کرا و بەو هۆیەشەوە ئاراستەی دیموکراسی ئەگەری هەیە بەرەو دواوە بڕوات، چونکە هەمەچەشنی سیاسی یەکێکە لە کۆڵەکە بنەرەتیەکانی دیموکراسیەتی راستیەقینە و ناشچێتە عەقڵەوە کە حیزبێك کە (١٠٠) هەزار دەنگی هێنابێت نەتوانێ نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە بکات لە پەرلەمان، سەرباری هەموو ئەمانە، یەکگرتوو توانی لە دهۆك بەربەستەکە بشکێنێ کە خۆی لە پەنجا هەزار دەنگدا دەبینێتەوە و لەلایەن پارتییەوە دانراوە، بەپێی ئەنجامە بەراییە نافەرمییەکانیش یەکگرتوو بەتەنها لە شاری دهۆکی بووکی کوردستان زیاتر لە (٦٠) هەزار دەنگی هێناوە.

### رچەشکێنەکە

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوە لە شاری دهۆکەوە دەستی یەکگرتوو کەوتووە، جگە لە لیستی هاوپەیمانی، لیستی (٣١٥) یەکگرتوو تەنها لیستە کە توانیویەتی کورسی بەدەست بهێنێت، بەپێی ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوە لیستی یەکگرتوو توانیویەتی کورسییەك مسۆگەر بکات و ئەگەری ئەوەش هەیە کە کورسی دووەم ببات، لەگەڵ ئەوەی یەکگرتوو هەمیشە وەك هێزێکی گەورەی شاری دهۆك دەرکەوتووە، بەلام بەلای هەندێك لە چاودێرانەوە ئەو ئەنجامەی یەکگرتوو یەکێکە لە موفاجەئە هەرە گەورەکانی هەڵبژاردن بەتایبەت لە شوێنێك کە جووڵەی سیاسی زۆر بەرتەسکە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری هەڵبژاردن، بەلام (سەیدا نەجیب ـ کاندیدای یەکەمی یەکگرتوو لە دهۆك و کاندیدای دەرچووی یەکگرتوو) لەو شارە بە یەکگرتووی راگەیاند کە ئەوان چاوەڕوانی ئەو دەنگەیان دەکرد، چونکە خەڵکی بەشەرەفی بووکی کوردستان باوەڕی زۆریان بە یەکگرتوو هەیە.

### ئەنجامەکان دڵخۆشکەرن

هێزە نەرمەکەی کوردستان، کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە، بەپێی ئەنجامە بەراییەکان دەنگێکی زۆر گەورەی لە سەرتاسەری کوردستان بەدەستهێناوە و، وەك هێزێکی رەسەن جێ پێی خۆی قایمتر کردووە لە کوردستان و، بەپێی سەرچاوەکەی یەکگرتوو لەچاو ساڵی (٢٠٠٥) یەکگرتوو (١٢٠) هەزار دەنگی زیاتر هێناوە و، ئەو رێژەیەش لە بەرزبوونەوەدایە، ئەمەش دەریدەخات کە هێزە نەرمەکە بووە بە جێی باوەڕی کوردستان و شەپۆڵی ریفۆرمخوازان زۆر لە جاران بەهێزتر بەرەو پێشەوە دەڕوات و، لە داهاتووشدا شەپۆڵەکە کوردستان لە گەندەڵی و نادادی پاك دەکاتەوە.

بە رای چاودێران خاڵێکی تری بەهێزی یەکگرتوو کەمپینی هەڵبژاردنەکانی بوو، کە وەك مۆدێرنترین کەمپینی هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوو هەژمار دەکرێت و، خاڵێکی تری سەرنجراکێشی یەکگرتوو دەرکەوتنی چەندین سەرکردەی ناوەندی زۆر بەهێزی ئەکادیمی و تەکنۆکرات بوو، کە ئەگەر ئەمجارەش وەك ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران دەرنەچن، ئەوا چاوەڕێی داهاتوویەکی پرشنگداریان لێ دەکرێت.

---



# دەنگەکانی یەکگرتوو لە پارێزگای سلیمانی رەنگدانەوەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی یەکگرتوون

راپۆرتی: ئامانج محەمەد

"دەیگۆڕین و چاکی ئەکەین"، ئەمە دروشمی کاندیداکانی یەکگرتوو بوو لە سنوری پارێزگای سلێمانی، ئەم دروشمە پڕ بەپێستی خواستی خەڵکی کوردستانە و دەرکەوت کە یەکگرتوو ئەو بزاوت و پرۆژە پڕ شکۆ و بەهێزەیە کە خەمی گەورە و ئەرکی زۆر قورسی هەڵگرتووە، کە کەسی تر وەك ئەم نە بیری لێ کردۆتەوە، نە بەرنامەشی بۆ داناوە.

شاری سلێمانی دروشمی گەورە ئەوەبوو کە (دەیگۆڕین.. دەیگۆڕین)، ئەمەش بەزۆری تەنها خەڵکی ئەم شارەی تووشی هەڵوێست کرد،بەلام دەرکەوت ئەمجارەو لە هەڵبژاردنی (٣/٧)دا ئەو سیحرەی پێشتری لەدەستدا و لە پارێزگاکانی تر و شارەکانی دەوروبەری سلێمانیش بە هەمان شێوە ئەو رۆڵەی وەك پێویست نەبوو، بەلام دروشمەکەی یەکگرتوو کە هەم گۆڕین بێت و هەم چاککردنیش بێت، گومانی تیا نییە کە کارێکی قورس و گەورەترە، چونکە گۆڕین تەنها لەپێناو گۆڕیندا کارێکی سەرپێیی و ئاسانە، لە جێبەجێکردندا ئاسان نییە، هەرچی کاری گۆڕان و چاککردنە، کارێکی لەسەرخۆ و بەرنامە بۆدارێژراوی دەوێت و دەستنیشانکردنی بەدیل و چارەسەر و چاککردن بەدوای خۆیدا بێنێت.

سلێمانی لەم هەڵبژاردنەدا راستییەکی دا بەگوێی هەمواندا، کە سەر نەوی ناکات بۆ گەندەڵی پێشێلکردنی مافەکان و دروشمەکانیش بەتەنها بەس نییە، تەماشاکەن بەردەوام مانگرتن و هاتنە سەر شەقام و داکۆکیکردن لە مافەکانی چین و توێژەکانی بووەتە سیمای ئەم پارێزگایە و رۆژ و هەفتە نییە بە جوڵە و داخوازی مەدەنیانە خەڵك لەبەرامبەر دەسەڵاتدا نەوەستێت.

یەکگرتوو وەك تاکە هێزی ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەری کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی سیستەم نەك کەس و بنەماڵە و حیزبێك ئەمجارەش سەلماندی کە هیوای خەڵکە و جێی متمانەی جەماوەرە.

یەکگرتوو لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەتنی گەورەرە و بەرچاوی بەدەستهێنا، ئەوەتا لە سنوری هەڵەبجەی شەهید و شارەزوور پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و دەنگی کاندیداکانی زیاترە لە کاندیداکانی هەر (١٣) حیزبەکەی هاوپەیمانیەتی و ئەوانی تریش.

یەکگرتوو لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا توانی زیاتر لە (١١٠٠٠٠) دەنگ بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پیشووتردا زیادبوونێکە بە رێژەی (١٠٠٪)، کە ئەمەش بۆ یەکگرتوو گەورەترین سەرکەتنە، بەتایبەتی پاش دروستبوونی هێزی تر، یەکگرتوو لە سنوری رانیە دەنگەکانی لە (٦) هەزارەوە کردووە بە (١٢) هەزار، لە گەرمیان رێژەی لە (٩٪)وە بووە بە (١٨٪)، لە شارباژێڕ و قەرەداغ و تەواوی ناوچەکان و شار و گوندەکانی کوردستان، یەکگرتوو لە گەشە و زیادبوونێکی بەرچاودایە.

یەکگرتوو بە دوور لە هەڵچوون و داچوون، بەردەوام لە گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا بووەو لەسەرپێی خۆی وەستاوە و شانازی بەوەوە دەکات کە داهێنەری ئۆپۆزسیۆنە لە کوردستاندا و ئەجیندای هیچ کەس و وڵات و لایەنێك جێبەجێ ناکات. ئەوەی هەیەتی هی خۆیەتی هەر بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەی بەکاریدەهێنێت.